حکومەتی هەرێمی کوردستان

و. توێژینەوە و خوێندنی باڵا

زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

کۆلێژی پەروەردە و زمان

بەشی زمانی کوردی

# نیشتیمان پەروەری لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا

پێشکەشی (بەشی زمانی کوردی –کۆلێژی پەروەردە و زمان-زانکۆی لوبنانی فەرەنسی)ی کراوە، وەک بەشێک لە پێویستیەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

بەسەرپەرشتی:

م. کەلسوم خالید احمد

ئامادەکردنی:

أسماء أيوب خالد

دەروون عبدالله عثمان

ڕەیان کامەران محمد

ڕێکار ڕەئوف موشیر

ساڵی خوێندن:

٢٠٢٣- زایینی ١٤٤٤-کۆچی ٢٧٢٣-کوردی

**سوپاس و پێزانین:**

سوپاس بۆ خوای گەورە و کار ئاسا.

سوپاس بۆ دایک و باوکمان کە بەدرێژایی ڕێرەویی خوێندن ماندووبونیان لەگەڵ چەشتووین.

سوپاسی دکتۆرە (کەلسوم خالید أحمد) دەکەین، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمانی لە ئەستۆی خۆی گرت.

سوپاسی کتێبخانەی کۆلێژەکەمان و چەندین کتێبخانەیتر دەکەین، کە بە پێدانی سەرچاوەی ئەکادیمی هاوکارییان کردین.

**پوختە:**

(نیشتیمان پەروەری لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا) ناونیشانی توێژینەوەکەیە، کە توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکدێت و هەر بەشەشی لە چەند تەوەرەیەک پێکدێت، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە، لە دوو تەوەرە پێک دێت؛ لە تەوەرەی یەکەمدا باس چەمک و زاراوەی نیشتیمان پەروەری دەکەین، لە تەوەرەی دووەمدا نیشتیمان پەروەری لای شاعیرانی کورد دەخەینە ڕوو. بەشی دووەم بەشێکی پراکتیکییە، کە خۆی لە سێ تەوەرەدا دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم باس لە ژیانی عەبدوڵڵا پەشێو و بەرهەمەکانی و مەبەستە شیعریەکانی عەبدوڵڵا پەشێو دەکات،تەوەرەی دووەم ئەزمونی شیعری عەبدوڵڵا پەشێو، تەوەرەی سێییەم نیشتیمان پەروەری لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێود لەڕووی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری و نۆستالۆژیا و وەستانەوە دژی زوڵم و ستەم و براکوژیدا شیدەکەینەوە.

# ناوەڕۆک

سوپاس وپێزانین ........................................................................................ أ

پوختە...........................................................................................................ب

ناوەڕۆک.........................................................................................................پ

پێشەکی .........................................................................................................١

٠-١.ناونیشانی توێژینەوەکە:...................................................................١

٠-٢.هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە...........................................................١

٠-٣.کێشەی توێژینەوەکە:.........................................................................١

٠-٤.سنوری توێژینەوەکە..........................................................................١

٠-٥.پرسیاری توێژینەوەکە.........................................................................١

٠-٦.گرنگی توێژینەوەکە...........................................................................١

٠-٧.میتۆدی توێژینەوەکە..........................................................................١

٠-٨.کەرستەی توێژینەوەکە : .....................................................................٢

بەشی یەکەم:تەوەرەی یەکەم........................................................................٣

١-١-١:زاراوەی نیشتیمانپەروەری:.................................................................٣

١-١-٢:چەمکی نیشتیمانپەروەری:...................................................................٣

تەوەرەی دووەم.............................................................................................٦

١-٢:نیشتیمانپەروەری لای شاعیرانی تر:.........................................................٦

١-٢-١:(هێمن موکریانی):..............................................................................٦

١-٢-٢:(لەتیف هەڵمەت):..............................................................................٧

١-٢-٣:(گۆران):..........................................................................................٧

بەشی دووەم :تەوەرەی یەکەم.................................................................................................٨

٢-١-١:کورتەیەک لە ژیانی عەبدوڵڵا پەشێو:...........................................................٨

٢-١-٢:بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا پەشێو:.........................................................................٨

٢-١-٣:مەبەستی شیعری عەبدوڵڵا پەشێو:...................................................................٩

تەوەرەی دووەم:........................................................................................................١١

٢-٢:ئەزموونە شیعریەکانی عەبدوڵڵاپەشێو:...............................................................١١

تەوەرەی سێیەم.........................................................................................................١١

٢-٣-١:نیشتیمانپەروەری و کوردایەتی:.....................................................................١١

٢-٣-٢:نۆستالۆژیا:....................................................................................................١٤

٢-٣-٣:براکوژیی:......................................................................................................١٨

٢-٣-٤:وەستانەوە دژی زوڵم و ستم:..........................................................................٢٠

ئەنجام ......................................................................................................................٢٤

سەرچاوەکان..............................................................................................................٢٥

**پێشەکی**:

کورد وەک نەتەوە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی بەدرێژایی مێژوو، لە ناو جەنگ و شەڕدا ژیاوە بۆیە شاعیران هەستی نیشتیمان پەروەری لە شیعرەکانیاندا دیارە و هەستی پێدەکرێت، کە خۆشەویستی بۆ نیشتیمان وای لێکردوون بەرەنگاریان بێتەوە.

**٠_١: ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەروەکو لە ناوەکەی دیارە (نیشتیمان پەروەری لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا) بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەمانەوێ لایەنی نیشتیمان پەروەری لە شیعرەکانی پەشێو بخەینەڕوو، کە لە بەشێکی شیعرەکانی‌دا ڕەنگی داوەتەوە هەموو ئەو سۆز و خۆشەویستی و هەستی بەرانبەر بە وڵاتەکەی و نیشتیمانەکەی هەیەتی لە بەرهەمەکانی خستویەڕوو.

**٠-٢: هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە، کەوا نیشتیمان پەروەری لە شیعرەکانی پەشێودا توێژینەوەی زۆری لەسەر نەکراوە، بۆیە بە باشمان زانی، کە ئەم بابەتە هەڵبژێرین، کەوا بەشێکی شیعرەکانی لەسەر نیشتیمان پەروەرییە.

**٠-٣: کێشەی توێژینەوەکە:** بێگومان هیچ بابەتێک، کە لێیدەکۆڵیتەوە بێ کێشە و گیرو گرفت نییە، ئەو کێشانەی توشمان بوون ئەوە بوو، کە سەرچاوەی پێویست نەبوو بۆ توێژینەوەکە.

**٠-٤: سنوری توێژینەوەکە:** بابەتی بەردەست هەردوو دیوانی پەشێو، کە سەرجەم شیعرەکانی لەم دوو دیوانە بەناوی (هەسپم هەورە رکێفم چیا و ڕوو لەنەوا پشت لە کرێوە)دا هەیە.

**٠-٥: پرسیاری توێژینەوەکە:** لێرەدا چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا شیعرەکانی تەنیا نیشتیمان پەروەرین؟ ئایا لە شیعرەکانی‌دا دژی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە وەستاوە؟ ئایا دووری لە وڵات توانیویەتی وڵاتی خۆی لە بیربەرێتەوە؟

**٠-٦: گرنگی توێژینەوەکە:** ئێمە لێرەدا لایەنێکی گرنگمان خستەروو توێژینەوە و شیکردنەوەمان بۆی کرد، کە تا چەند نیشتیمان و خاک و وڵات لای شاعیر بە نرخە و گرنگی پێدراوە، کە دوور لە وڵاتیش ژیاوە، بەڵام نیشتیمانی خۆی زێدی باب و باپیرانی لەبیرنەکردوە.

**٠-٧: میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکدێت؛ بەشی یەکەم بەشێکی تێۆریە و بەشی دووەم بەشێکی پراکتیکیە، لە بەشی یەکەمدا باسی (زاراوە و چەمکی نیشتیمان پەروەری و نیشتیمان پەروەری لای هەندێک لە شاعیران) دەکەین، بەشی دووەمدا باسی

(ژیانی پەشێو و بەرهەمەکانی و مەبەستە شیعری و ئەزموونەکەی و شیکردنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو) دەکەین.

**٠-٨: کەرەستەی توێژینەوەکە:** بەرهەمە شیعرییەکانی پەشێو، کە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەراستی زمانی کوردی نووسراونەتەوە.

## بەشی یەکەم: تەوەرەی یەکەم:

### ١-١-١: زاراوەی نیشتمانپەروەری:

زاراوەی نیشـــتمانپەروەری لە دوو بەش پێک دێت: نیشـــتمان+ پەروەری، زاراوەی نیشـتمان لە زمانی کوردی واتە؛ ((شـوێنی نیشـتەجێبوون ـزێدی باب و باپیران_ماڵ)) دێت (شێخ محەممەدی خاڵ ٤٨٣،٢٠٠٥).

لە زمانی عەرەبی زاراوەی ((الوطن_حب الوطن)) (بەدران ئەحمەد حەبیب.،٢٠٠٢،١٣٠) بەکار دێـت کە هەمـان واتـای زمـانی کوردی هەیە، لە زمـانی ئینگلیزی لە بەرانبەر زاراوەی نیشتمانپەروەری زاراوەی ((Home land)) بەکار دێت (پ.د. محمد علی عەبدوڵلا٢٠١٤،١٧٤)

زاراوەی پەروەری لە زمانی کوردی بە واتای ((ڕاهێنان)) دێت، (هەژار ،١٣٦٩، ١٢٠).

زاراوەی نیشـــتمانپەروەری لە زمانی کوردی بە واتای ((خزمەتی گەل)) دێت (شـــێخ محمدی خاڵ،٤٨٣،٢٠٠٥).

زاراوەی نیشتمانپەروەری لە زمانی عەرەبی بە واتای ((شعوبیة)) دێت (بەدران احمد حەبیب، ٢٠٠٢، ٧٤).

هەروەها زاراوەی شـــیعری نیشـــتمانپەروەری لە کوردی زۆر زاراوەی تری بەرانبەر بەکار دێت وەک؛ ((شـیعری بەرگری _ شـیعری شـۆڕشـگێڕی _شـیعری نەتەوەیی _شـیعری سـیاسـیی)) ((ئەمە لەبەرئەوەیە تا ئێسـتا زەمینەسـازی بۆ لە یەک جیاکردنەوەی ئەم زاراوانە نەکراوە)) (پ.د. محەممەد عەلی عەبدوڵلا،١٧٤،٢٠١٤). لە ڕووی ئەدەبییەوە بەم شـــێوەیە نیشتمانپەروەری واتا؛ خۆشەویستی بۆ نیشتمان و پارێزگاریکردن لێی و بەرگریکردن لێی.

### ١-١-٢: چەمکی نیشتمانپەروەری:

فلۆ بێر ((ئەو ڕۆماننووســە کە دەخاتە ژێر خزمەتی تەنیا مەســەلەیەکی ســیاســی، ئەو خیانەت لە شاعیربوونی خۆیی دەکات)) (پ.د.محمد علی عبداللا،١٧٧،٢٠١٤).

لێرەدا نووســەر پێی وایە کە سـیاسـەت و نیشـتمانپەروەری پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، نابێت شــــاعیر ڕۆمانەکەی بخاتە ژێر کاریگەری تەنیا مەســــەلەیەکی ســــیاســــیی، چونکە هەردووکیان دوو بابەتی جیان کەوا هەندێ پەیوەندی بەیەکەوەیان دەبەســـتێتەوە بۆیە نابێ یەکیان پاشکۆ بێت بۆ ئەوەی تریان، چونکە وەک زانستێک هەریەکەیان ئەرک و مافی خۆیان هەیە.

نیشتمانپەروەری لە شیعری مەلای جەزیریدا ((چەق و کرۆک و پانتایەکی بەرفراوان و دەرکەوتەیەکی ڕوون و زەقی نییە، زیاتر لە چوارچێوەی هەســـت و یادکردنەوەی ناوی نیشتمان و کوردستاندا خۆی نواندووە)) (پ.د.محمد علی عبدالله ٢٠١٤-١٧٨).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا نیشـــتمانپەروەری لە شـــیعرەکانی مەلای جەزیری بەڕوونی دیار نییە، بەڵکو زیاتر، کە دەخوێنیتەوە هەســـتی پێدەکەیت و بەدیار دەکەوێت، کە ناوی نیشـتمان یان کوردسـتان لە شـیعرەکانی خۆی نواندییە و هێناویەتی، کە شـانازی بە کوردایەتی و کوردستانەکەی کردووە و کورد بووە.

(نالی) چەمکی نیشـتمانپەروەری ((زیاتر لە بازنەی هەسـتی دوورە وڵاتی، یاخود وردتر هەستی دووری لە زێدی باب و باپیرانی، وەسـف و پیاهەڵدانی و شـانازیکردنی بە میرەکانی میرنیشینی بابان واخۆی دەرخستووە)). (مەلا عبدالکریمی مدریس،١٩٧٦،١٧٤)

لێرەدا چونکە نالی لە وڵاتەکەی نەژیاوە و دوور لە نیشـــتمانەکەی و زێدی باب و باپیرانی ژیاوە، بۆیە زیاتر هەستی دوور لە نیشتمان بەدەر دەکەوێت، شانازیکردن و وەسفی میرەکانی میرنشینی بابان دەکرد، لە شیعرەکانی هەستی دوور لە وڵات و وەسفی نیشتمان و میرنشینی بابانی دەبینرێت.

شـــێخ نووری شـــێخ ســـاڵح ((بە چڕی و پانتاییەکی بەرچاو مەســـەلەی هاندان بۆ بەرگریکردن لە نیشـــتمان و دەرخســـتنی جەور و ســـتەم دەرهەق بە کورد و کوردســـتان دەهێنێتە ناو شیعرەکانییەوە)) (ئازاد عبدالواحید، ٢٠٠٨،٤٩٩).

لێرەدا شـاعیر لە شـیعرەکانیدا پانتاییەکی زۆری بۆ مەسـەلەی نیشـتمانپەروەری و بەرگریکردن لە خاک و وڵات و نەتەوەی خۆی کردوە، هانی خەڵک دەدات کەوا بەرگری لە نیشـــتمانەکەیان بکەن، زوڵم و ســـتەمی دەرحەق بە کورد و کوردســـتان هێناوەتەوە ناو شـــیعرەکانی و باســـی کردووە، کە خەڵک پارێزگاری لە وڵاتەکەی خۆی بکات و لەپێناویدا بجەنگێت.

قوبادی جەلی زادە ((نیشتمانێک زیان و ئازادی تێدانەبێت، نیشتمان نییە)) (پ.د.محمد علی عبداللا،٢٠١٤،١٨٣).

لێرەدا مەبەســـتی ئەوەیە، کە نەتوانی بە ئازادی لە نیشـــتمانەکەت بژیت و هاتوچۆ بکەیت، دوور لە شەڕ و جەنگ و بەرەنگاربوونەوە و بە ئازادی هەناسە بدەیت، کاتێ نەتتوانی بەم شێوەیە لە نیشتمانەکەت بژیت و ئازاد و سەربەست نەبیت ئەوا بە هەژمار ناکرێت.

یادگار ڕەسووڵ حەمەدەمین باڵەکی؛ ((دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نیشتمان یەکێکە لە لایەنە گرینگەکانی ناوەرۆکی شیعری نیشتمانپەروەری و شاعیر لە ناخەوە کۆمەڵێک شتی تایبەت بە نیشتمان دەور و زێنی و لە ڕێگەی دەربڕینی چەند وشەیەکی جوانەوە شیعر دەخولقێنی)) (یادگار ڕەسول حەمەدەمین باڵەکی،٢٠٠٥،١٦٠).

گەر سەیری ئەم پێناسە بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە نیشتمانپەروەری پەیوەندی بە هەست و سۆز و خۆشەویستی هەیە، کە ئەم هەستە دەردەبرێت و گرینگی زۆری پێ دەدرێت کە شاعیر لە ناخی خۆی کۆمەڵێک شت دەوروژێنێت و دەریدەبرێت، کەوا چەند وشەیەکی جوانە بەشێوەی شیعر دەریدەبرێت و دەیخولقێنێ.

ڕەفیق حلمی شاعیر دەڵێ: ((خۆشەویستی خۆی لە ئازادبوونی نیشتماندا دەبینیتەوە و، بەلایەوە نیشتمان بەبێ ئازادی وەکوو زیندان وایە)) (یادگار ڕەسووڵ حەمەدەمین باڵەکی،٢٠٠٥،١٦١).

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە دەبێ نیشتمانی ئازاد و سەربەست بیت، ئەگەر وا نەبێت ئەوا پێی وایە کە نیشتمانەکەی خۆی خۆشنەویستوە دەبێ هەوڵبدات کە ئازاد بێت، چونکە پێ وایە کە نیشتمان ئازاد نەبێت ئەوا وەک ئەوە وایە لە زیندان بێت و قۆڵبەست کرابێت.

کەواتە نیشتمانپەروەری بریتییە لەو سۆز و خۆشەویستی و هەستەی، کە بۆ خاک و وڵات و نیشتمانی خۆمان هەمانە، کە لە دڵ و دەروونماندا هەڵدەقوڵێت بۆ ئەو وڵاتە کە تیایدا لە دایکبووینەوە و گەورەبووینە و ژیاینە. شاعیر بۆ دەربڕینی ئە و خۆشەویستییەی بۆ نیشتمانەکەی هەیتی لە ناخی دڵدا بە نووکی خامەکەی چەندان شیعری جوان دەنووسێت بۆ وڵات و خاک و نەتەوە و نیشتمانەکەی بۆ بەرگریکردن لە نیشتمانەکەی تێدەکۆشێت و هەوڵ دەدات.

**تەوەرەی دووەم:**

## ٢-٢: نشتیمانپەروەری لای شاعیرانی تر:

نیشـــتمانپەروەری لە دڵ و دەروونی شـــاعیر هەڵدەقوڵێت و لە شـــیعرەکانی ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو هەموو شـــەڕوشـــۆڕ و جەنگەی لە جیهاندا ڕوو دەدات، کەوا دەکات شـــۆڕش و ڕاپەرین بەرپابکەن بۆ بەرگریکردن لە نیشـــتمان و خاک و وڵاتیان جا ئەم شـــۆڕش و ڕاپەرینە بە هەڵگرتنی چەک بێتن یان بە دەربڕینی هەســـتی نیشـــتمانپەروەری بە نووســـین و شـــیعر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان یان، بەجێهێشـــتنی نیشـــتمان بە ناچاری بە هۆی هۆکاری ســـیاســـیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، کە نووســـەر یان شـــاعیر ناچار دەبێت وڵات بەجێ بهێڵێت و دوور لە نیشـــتمان بژیت. بۆیە زۆر لە شـــیعرەکانیان بۆ نیشـــتمانپەروەری و بەرگری وڵات و نەتەوە بۆ نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆ بۆ زێدی باب وباپیرانیان نووسی، ئێمە لێرەدا چەند شـــاعیرێک بە نموونە وەردەگرین، کە باس لە و نەهامەتی و ناخۆشـــییانەی گەلەکەی دەکات، کە بەسەری هاتووە و چۆن نیشتمانیان وێران کرد.

### ١-٢-١: (هێمن موکریانی):

**((گەر تووشی رەنجەرۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**

**قەت لە دەست ئەم چەرخە سپلە نابەزم مەردم ئەمن**

**مـــــــــــن لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە**

**لەت لەتم کـــــــــــــــەن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن))**

((دیوانی هێمن،٢٠٠٥،١٢٣))

((هێمن))ی شاعیر عاشقی کێو و تەلان و دار و بەردی نیشتمانەکەی بوو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی تێکۆشاوە و هەوڵی داوە، بۆیە بە نووکی خامەکەی شیعری بۆ نیشتمان و ئازادی گەلەکەی نووسیوە، کە لەژێر دەستی داگیرکار و زۆرداراندا بوون، داوای سەربەخۆیی و ئازادی دەکرد، شانازی بە نەتەوە و گەل و نیشتمانەکەی دەکرد، ئامادەبوو لەپێناو خاک و نیشتمانی گیانی خۆی دابنێت و بەخت بکات، باکی نەبوو بە تەناف و زنجیر و زیندان و توشی دەربەدەری و ڕەنجەرۆیی بێتەوە لەپێناو کوردایەتی.

**١-٢-٢: (لەتیف هەڵمەت):**

**((ئەی نیشتمانم من ڕۆڵەی تۆم**

**هەر تۆی شوێن و جێم**

**جێت ناهێڵم و جیا نابیەوە لێم**

**ئەی نیشتمانم .. شار و شاخ و دێم**

**هەتا هەتایە هەر تۆی شوێن و جێم**

**لە چیاکانت هەرگیز ناتۆرێم))**

(لەتیف هەڵمەت ،٢٠٠٥،١٤٠).

شاعیر لێرەدا؛ باس لە جوانی و دیمەنی نیشتمانەکەی دەکات، باسی خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتمانەکەی دەکات، کە دەڵێ هەرگیز جێت ناهێڵم تۆ تاکە نیشتمانمی و من ڕۆڵەی تۆم، بەسەر شاخ و شار و دار بەردی وڵاتەکەیدا هەڵدەدات، کە چەندە گرنگە لە لایی و دەیەوێت ڕۆڵەی نیشتمانەکەی بەم شێوەیە بن بەم جۆرە نیشتمانەکەیان خۆش بووێت و پارێزگاری لێ بکەن هەرگیز لێی نەتۆرێن و بەجێی نەهێڵن.

**١-٢-٣: (گۆران):**

**ئەی لاوی کورد! کوڕی ئازا!**

**دانا نەوێنێ بۆ قەزا**

**بۆ زوڵم و زۆر، ملی ڕەزا!**

**نە بە نیاز، نە بە نزا!**

**نیشتمانت رزگار ئەبێ!**

(دیوانی گۆران، محەممەدی مەلا کەریم،١٩٨٠،٢٠٩) .

شاعیر لێرەدا؛ دەڵێت: نابێت سەر بۆ زوڵم و ستەم دانەوێنین، نیشتمانمان نە بە نیاز، نە بە نزا ڕزگار نابێت. دەبێت هەوڵی بۆ بدەین تا ڕزگار بێت و ئازاد بێت و کۆمەڵ بەختیار بێت، دەبێت دژی ئەم زوڵم و ستەمە بوەستینەوە سەرمان بۆ هیچ شتێک دانەوێنین، دەبێت نیشتمانمان ئازاد و سەربەخۆ بێت، لاوەکانمان، کوڕەکانمان ئازان و سەر بۆ زوڵم و ستەم و قەزا دانانەوێنن.

## بەشی دووەم: تەوەرەی یەکەم

### ٢-١-١: کورتەیەک لەژیانی عەبدوڵڵا پەشێو:

عەبدوڵڵا پەشـــێو ســـاڵی (١٩٤٦) لە بنەماڵەیەکی ئایینی و لە گوندی (بێرکۆت)ی نزیک شـاری هەولێر لە دایک بووە و ئەو گوندە ئێسـتا بووەتە بەشـێک لە شـاری هەولێر، باوکی مەلای گوندەکە بووە، بەڵام بە هۆی نەخۆشـــی شـــێرپەنجە وە هەر زوو ماڵئاوایی لە دنیا دەکات، پەشـــێو دەڵێ مامەکانم هانیان دام بچمە بەر خوێندن، یەکەمجار چوومە قوتابخانەی (خالیدیە) بە عەرەبی دەمخوێند، دوا بەدوای ئەوە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو دەکا و ماوەیەک لە گوندی (کەنداڵ)ی بناری قەرەچووغ دەبێتە مامۆستا، ساڵی (١٩٦١) بۆ یەکەمجار دەســت دەکات بە شــیعر نووســین و یەکەم شــیعری لە هەفتەنامەی (هەولێر)دا بڵاو دەکاتەوە، ســاڵی (١٩٦٣) پەیوەندی دەکات بە یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان و لە ناوەڕاسـتی شـەسـتەکان بەولاوە دەبێتە بەرپرسـی قوتابییان و کادیرێکی پێشـکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لەو ساڵانەدا دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی و لە ڕۆژنامەی الانبار دەنگ و باس)) شـــیعر بڵاو دەکاتەوە ئەم ڕۆژنامەیە ئەوکاتە هەفتانە لاپەڕەیەکی بۆ کوردی تەرخان کردبوو.

لە سـاڵی (١٩٦٨) بۆ یەکەمجار لە بەغدا ئاشـنایەتی لەگەڵ (شـێرکۆ بێکەس)ی شـاعیر پەیدا دەکات، کە هەر ئەو کاتەش ((بتی شـــکاو))ی بە چاپ گەیاند بوو، هەر لەو ســـاڵەدا بە یەکجاری واز لە حیزبایەتی دێنێت و بڕیار دەدات خزمەتی بیری ســـەربەخۆییخوازی بکا، بەهۆی هەندێک هۆکاری ســـیاســـی ناچار دەبێت ڕوو لە هەندەران بکات، بۆیە لە ســـاڵی ١٩٧٣دا، بە مەبەســـتی درێژەدان بە خوێندن و خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دەچێتە یەکێتی ســـۆڤیەتی پێشـــوو، لە زانکۆی (مۆریس تۆرێس) کۆلێژی وەرگێڕان بەشـــی زمانی ئینگلیزی و ڕووســـی تەواو دەکات پاشـــان دکتۆرا لەســـەر ئەدەبیات وەردەگرێت، کە تێزی دکتۆراکەی لەسەر شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد بوو.

پەشـێو جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی زمانی ڕووسـی و ئەڵمانی و ئینگلیزی زۆر بەباشـی دەزانێت، وەرگێڕانەکانی لەسـەر پوشـکین و ویتمەن بەڵگە لەسـەر ئەوەی کە پەشـێو لە وەرگێڕاندا بەتوانا بووە، ئێستا لە ڕووسیا و لیبیادا مامۆستای زانکۆیە.

### ٢-١-٢: بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا پەشێو:

١. فرمێسک و زام، کەرکوک، ( ١٩٦٧) لاپەڕە (١٥).

٢. بتی شکاو، کە رکوک، (١٩٦٨) لاپەڕە (٨٣).

٣. شەونامەی شاعیرێکی تینو، بەغدا (١٩٧٢) لاپەڕە (١٢١).

٤. دوانزە وانە بۆ منداڵان و چەند شیعرێکی قەدەغە، بەرلین (١٩٧٩) لاپەڕە (٢٣٣) .

٥. شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، بەغدا، (١٩٨٠) لاپەڕە (٣١٥).

(عەبدوڵلا پەشێو، پشت لەنەوا روو لە کرێوە، ٢٠١٤)

٦. بروسکە چاندن، سوید، (٢٠٠٠) لاپەڕە (٩).

٧. بەرەو زەردەپەڕ، سوید، (٢٠٠١) لاپەڕە (١٤٩).

٨. پرێسکەی عاشقێکی زگماک، کوردستان، (٢٠٠) لاپەڕە (٣٣٣).

٩. دیوانی براکوژی، هە ولێر، (١٩٩٤) لاپەڕە (٤٢٣).

(عەبدوڵلا پەشێو هەسپم هەورە و رکێفە چیا، (٢٠١٤).

**٢-١-٣: مەبەستی شیعری لای عەبدوڵلا پەشێو:**

**١_ دڵداری، نەتەوایەتی**

(یەکەمیان دڵدارییە، پەشێو شاعیرێکی هەست و سۆز ناسک و ئافرەت و جوانییەکەی سەرنجی ڕاکێشاوە، بووەتە هەوێن بۆ زۆربەی شیعرەکانی پەشێو سەرەتایی دەستپێکردن بە شیعری، چووەتە ناو جیهانی ڕۆمانسیەتەوە، پەشێو دڵێکی ئەوەندە ناسکی هەیە دەڵێت تەنها، بۆ ئەوە دروستکراوە شیعری جوان بۆ ئافرەتان بنووسێت، ئەو ژیانەی کە تێدا ژیاوە زۆر سەخت و دژوار بووە، لەگەڵ سەردەمەکەدا زۆر گونجاو بووە تەنیا ئافرەت نەبووەتە سەرچاوەی شیعری تەنیا بووەتە خاڵێکی بەهێزی، وەک هەر شاعیرێکی تر شیعرەکانی پێی دەوڵەمەند کردووە) (شەرمین ابراهیم عەزیز، ٢٠٠٦،٥١).

نموونەیەکی شیعری دڵداری پەشێو (کیژۆڵەی دڵگیر):

**دەزانم بۆچی دڵ پڕ لەقینی،**

**لەچەقی ڕێگەش هەرگیز نامبینی،**

**چونکە دڵپاک و وەفا دارم بۆت،**

**شەوانی تاریک بە ئازارم بۆت،**

(عەبدوڵلا پەشێو، ٢٢، ٢٠١٤).

**٢- شیعری نەتەوایەتی:**

شـیعری نەتەوایەتی دەربڕینی سـۆز و خۆشـەویسـتیە بۆ نیشـتمان و زێدی باب و باپیران و خاک و وڵات و نەتەوە، شیعری بۆ ئازارەکانی نەتەوە و نیشتمانی گوتووە، کە ئەم هەسـتە لای زۆربەی شـاعیران هەیە و پەشـێو کەوتووەتە ژێر کاریگەری شـیعرەکانی (ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی). پەشێو لەبەرئەوەی لەوکاتە سەخت و دژوارە لە دایک بووە، کە وڵات دواکەوتوو بووە، خۆشی لە خێزانێکی هەژاردا بووە، لەبەرئەوەی ناچار بووە لە تەمەنی گەنجی بە شداری لە حزبە سیا سییەکان بکات، پێنج ساڵ خزمەتی حزب بکات لەم ماوەیەشدا توانیویەتی هەست و ژیانکردنی لەم کاتەدا دەرببرێت.

نموونەیەکی شیعری نەتەوەیی (لەدایکبوون):

**گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە،**

**بەڵام دڵنیام،**

**جیهانی سبەی گوشادو ڕوونە**

**لەدایک بوونی مناڵیم دیووە**

**قیرە و لینگ کوتانە**

**یەکەم نیشانەی لەدایک بوونە**

(عەبدوڵڵا پەشێو، ٥٩، ٢٠١٤).

**تەوەرەی دووەم:**

## ٢-٢: ئەزموونە شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو:

(ئەزموونی شیعری پەشێو هەر لە دەسپێکردنەوە جێگای ڕامان و سەرنجی خوێنەران بوو لەبەرئەوەی شـــیعرەکـانی وەکوو گەوهەرێـک وابوون و کڕیـار و خوێنەر و زۆریی بەســـەرەوە بوو، بەڵام بەداخەوە لەبڕی ئەوەی پشـــتیوانی ئەم کوڕە کرمـانجە بکەن بە پێچەوانەوە دژایەتی و ئازار دەدرا، زۆربەی ئەوانەی دەستیان لە گیانی شاعیر نابوو بەهۆی جیاوازی بیرکردنەوە ئایدلۆژیی ئەو کاتی حیزبایەتی بوو، هەندێکیشیان لە سۆنگەی شێوەی شـیعر نووسـین و ڕوانگەی ڕۆشـنبیرییەوە بوو، ڕەنگە هەر ئەو دژایەتییە بێبەزەییانە بووبێ وای لە شــاعیر کردبێ زێدی باب و باپیرانی جێ بێڵێ، ڕوو لە وڵاتی بێگانە بکات، بەڵام نابێ ڕۆڵی ئەم کەسـانەش لەیاد بکرێ، کە لە دژوارترین ڕۆژگارەکاندا پشـتیوان و پاڵپشـتی بوون تایبەترینیان (محەممەد مەولوود مەم) چیرۆکنووس، لە دیمانەیەکی خۆیدا لەبارەی (مەم)ەوە پەشـــێو دەڵێ: ((ئەگەر مەم نەبوایە دەکرێ قەڵەمم بشـــکێ)) ئیتر واز لە خامەکەی ناهێنی و بگرە توند بە پەنجەکانی دەگرێت.)) (زیاد نادر عاللایی،٢٠١٣،٣٢٥)

**تەوەرەی سێیەم:**

## ٢-٣-١:نیشتمانپەروەری و کوردایەتی:

نیشـــتمانپەروەری و کوردایەتی لای شـــاعیران هەســـتێکە کە لە دڵ و دەروونیان ســـەرچاوە دەگرێت و بە خامەکەی دەســـتیان ڕەنگی دەکەن و ڕووحی بە بەردا دەکەن و دەیخەنە بەر گوێی خوێنەران (عەبدوڵلا پەشـــێویش) یەکێکە لەو شـــاعیرانەی، کە هەســـتی نیشـتمانپەروەری و کوردایەتی و وەسـفی کوردسـتان و خاک و وڵاتی لە شـیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە و هەستی پێ دەکرێت، بە هۆی ئەوەی زوڵم و ستەم لە خەڵک و خاک و وڵاتەکەی دەکرا، بۆیە ئەم هەسـتە لە لایان زیاتر قوڵبووتەوە و خۆشـەویسـتیان بۆ نیشـتمانێکی ئازاد و سەربەخۆ زیاتر بوو، بۆیە لە شیعرێکیدا بەناوی (دەنگێک لە کوردستانەوە) دەڵێت:

**چەند حەز دەکەم**

**منی کوردیش**

**ئادەمیزادێکی سەربەست بم،**

**بەچەلپن و کەوشی کوردی**

**لەچیاکانی فەڵە ستین چەک بەدەست بم**

(پەشێو، پشت لە نەواو ڕووله کرێوە، ١٧٦،٢٠١٤).

شـــانازی بە نەتەوەکەی و کوردایەتی خۆی دەکات و دڵخۆشـــە، کە کوردە و لە کوردستان لەدایک بووە، ئەویش نیشتمانییەتی و ڕۆڵەی ئەو خاک و وڵاتەیە وەک لە شیعری (ئینتەرناسیۆنالیستێک) دەڵێت:

**سەرکۆنەم مەکە!**

**منیش، وەکو تۆ، گۆی زەوی ماڵمە،**

**ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە،**

**وەک تۆ خوا کردم،**

**وەک تۆش دەمەوێ، تا سەر خوا کردبم،**

**بۆیە سەر بەندی شیعرم هەر کوردە،**

**چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!**

(پەشێو ،هەسپم هەورە رکێف چیا، ٢٠١٤ ، لاپەرە ١٣٤) .

لێرەدا (پەشـێو) مەبەسـتی ئەوەیە، کە هەر کەسێک لەم جیهانە دەژی ماڵی ئەوە و لانەی ئەوانە ئەوا من خەڵکی زەویم و لەژێر ئەو ئاسـمانە دام و خەیاڵ دەکەم بە کۆمەڵێک شـتی جوان وەک ئەوان خاوەن بیر و هەسـت و بڕیاردانە، کە خوا پێی داون. ئەوا خودا بەوانی داوە بۆ لێمان زەوت دەکەن، بۆیە زۆربەی شیعرەکانی باسی کوردە و شانازییە بۆ ئەو کە کوردە، بەڵام ڕێگە نادەن وەک کوردێک بژی و خاوەنی زمان و وڵاتی خۆی بێت، هەروەها لە شیعری (گوڵەبەرۆژە)دا دەڵێت:

**نیشتمانی من**

**هێلانەی خۆرە،**

**پڕشنگە جارە،**

**سەرم سەر نیە،**

**گوڵەبەرۆژی هەمیشە لارە!**

(پەشێو،هەسپم هەورە رکێفم، چیا،١٥١،٢٠١٤).

پەشـــێو لێرەدا؛ مەبەســـتی ئەوەیە کە وەک چۆن گوڵەبەرۆژە، هەمیشـــە لەگەڵ خۆر دەســـوڕێت و ناتوانێ ڕوو لە ئەو نەکات؛ ئەمیش بۆ نیشـــتمانەکەی بەم جۆرەیە هەمیشـــە لە هەر شـوێنێک بێت ئەوا ڕووی ئەو لە نیشـتمانەکەی خۆیەتی و ناتوانێ وازی لێ بێنێت و بێ ئەو بژێت و هەموو کات خۆشـەویسـتی نیشـتمانەکەی تاوی داوە و بەدوایەتی گەر وازی لێ بێنێت ئەوا لەناو دەچێت. هەروەها لە شیعری (قیبلەنما)دا دەڵێت:

**بیری من و قیبلەنما وەکو یەکن،**

**ڕوو دەکەمە،**

**هەرجێیەکی ئەم جیهانە،**

**ڕووی میلی ئەو**

**تەنیا بەرەو کوردستانە**

(پەشێو، هەسپم هەورە رکێفم چیا،٢٠١٤، ١٣٧).

لێرەدا، پەشـــێو مەبەســـتی ئەوەیە کە قیبلەنما بۆ ئەو شـــوێنە دەســـوڕێتەوە کە بۆی دیاری کراوە لە هەر شـوێنێک بێت و لە هەر جێیەک بێت، ئەوا ڕێگەی ڕاسـتت پیشـان دەدا و دەتبات بەرەو ڕێگە ڕاســـتەکە، ئەوا (پەشـــێو)یش وەک ئەوە لە هەر کوێبێت دوور یا نزیک لە هەر وڵاتێک بێت یـان هەر جێیەک لەم جیهـانە ئەوا ڕووی ئەو تەنیـا بۆ کوردســـــتـانە بۆ نیشـــتمانەکەیەتی و هەرگیز لەبیری ناکات هەمیشـــە لە خەیاڵ و بیری ئەودایە. هەروەها لە شیعری (کڕێوە)دا دەڵێت:

**کڕێوە بوو، دنیا بوو لێڵ،**

**لەپم کردە لانەی کلوە بەفرێکی وێڵ،**

**وەک عەشقێک تاتوایەوە تێم ڕوانی،**

**کە بوو بە ئاو ناسیمەوە!**

**لە کوردستان**

**دڵۆ پێک بوو... لەناو کانی**

(عەبداللا پەشێو، هەسپم هەورم رکێفم چیا، ٥٥،٢٠١٤).

(پەشـێو) لە دوورە وڵاتیش هەمیشـە بیری لای کوردسـتان و کانی و ڕێگە و شـاخ و چیا وڵاتەکەی بوو، هەموو کاتێ بیری لێیان دەکردەوە و کەوا جارێکی تر بیان بینیتەوە، بۆیە

هەمیشە وێڵ بوو بە شوێن ئەو شتانە و هەمیشە خەیاڵی بەرەو لای ئەوان بەڕێ دەکرد. پێی وابوو؛ ئەمە دڵۆپێکە لە ئاوی کانی کوردستانم، خۆشەویستی نیشتمان بەجۆرێک لە دڵ و دەروونی ڕەگی داکوتابوو کە نەیدەتوانی لەبیر خۆی بەرێتەوە و بیری لێ نەکاتەوە. هەروەها لە شیعری (کوردستان)دا دەڵێت:

**کێڵگە دەستریێ بۆ باران، چیا بۆ هەڵۆ.**

**ڕووبار و جەم بۆ نەوەستان، خۆر بۆ ئاسۆ.**

**ئاگر پەرست بۆ ئاتەشگە، با بۆ چرۆ.**

**ئەستێرەو مانگ بۆ سپێدە، منیش بۆ تۆ.**

**کوردستانم، منیش بۆ تۆ!**

( پەشێو، پشت لەنەوا ڕوو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٤٤١) .

پەشێو لەم شیعرەدا دەڵێت: وەک چۆن کێڵگە بۆ باران چاوەڕێیە تا ببارێت و سەوزی بکات و بەرهەمی هەبێ، وەک چۆن چیا چاوەڕێی هەڵۆیە تا بەسەریدا بڕوات و بێت و بچێت و هێلانە بکات، وەک چۆن ڕووبار و جەم هەمیشە چاوەڕێن، کە نەوەستن و بەردەوام بن لە ڕۆشتن، وەک چۆن خۆر دەسووتێ تا جارێکی تر هەڵبێتەوە و دونیا ڕۆشن بکاتەوە، وەک چۆن ئاگر بەست بۆ شوێنی ئاگرەکەی دەسووتێ دانەمرکێتەوە، وەک چۆن با بۆ ئەوەی لە لق و گەلای دارەکان و ڕووی خەڵک بدات و چرۆ بکات و گەش بێتەوە و پێبکەنێ، وەک چۆن ئەستێرە و مانگ چاوەڕێی هەڵاتنیان بۆ دووبارە ئاودان کردنەوە ڕازاندەوە، ئەمیش بە هەمان شێوەی ئەوان چاوەڕێی گەڕانەوەیە بۆ کوردستانی و بۆ خاک و وڵات و نیشتمانی تا دووبارە زەردەخەنە بۆ ڕووخساری بگەڕێتەوە، بۆ باوەشی نیشتمانی و زێدی باپیرانی هێز و توانای جارانی بۆ بگەڕێتەوە.

**٢-٣-٢: نۆستالۆژیا:**

نۆستالۆژیا بە مانای ئەوەدێ، کە هەستێک لە دەروونی شاعیر هەڵدەقولێت و کاری تێدەکات وای لێ دەکات خەیاڵ بکات بۆ ئەوە حەز بکات بگەڕێتەوە سەردەمی منداڵیی و گەنجی خۆی یان خەم و حەسرەت و دووری لە یار یان لە خاک و نیشتمانی و گەڕانەوە بۆی یان هیوایەک بۆ داهاتوو، کە باشتر بێت و هەموو شت و هەموو کەس باش و ئازاد و سەربەست بن، کە لە ناخی شاعیر هیوایەک هەیە بۆ ئەوەی داهاتوو باشتر بێت، هەرچەند گەڕانەوە بۆ ڕابردوو شتێکی مەحاڵە، بەڵام شاعیر بە خەیاڵ وێنای دەکات بە خامەکەی،

وشەی ڕەنگین و جوان هەڵدەبژێرێت و شیعرێکی ڕەنگین دەنەخشێنێ، کە دەروون دەتاسێنێ و هەست و سۆز دەجولێنێ، ئەگەر سەیری فەرهەنگی (لارۆسی) بکەن ئەوا بەم شێوەیە پێناسەی نۆستالۆژیای کردووە ((نۆستالۆژیا وەڵامێکە بۆ کەسێک، کە ناتوانێت خۆی بگونجێنێت لەو شوێنە نوێیەی تێیدا نیشتەجێ بووە، یان لە بارودۆخێکی نوێدایە، چ لە ڕووی ماددی و چ لە ڕووی عەقڵیدا، دەکرێت نۆستالۆژیا تووشی ئەو گوند نشینانە بێت، کە هەرگیز گوندەکانی خۆیان، یان شارۆچکەی خۆیان جێ نەهێشتووە)) (سۆران مامەند، ٢٠١٦، ٢٨). عەبدوڵڵا کەواتە نۆستالۆژیا بەمانای ئەوەی، کە هەستێک هەیە لە دڵ و دەروونت وات لێ دەکات، کە بیری نیشتمانی خۆت و زێدی باب و باپیرانت بکەیت، نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی (پەشێو)دا بەرچاو دەکەوێت، چونکە دوور لەزێدی باب و باپیرانی و شوێنی منداڵی و گەنجی و نیشتمانەکەی ژیاوە لە شیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە):

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە!**

**وەک سۆرە**

**بەدار گوێزە بەرزەکانا هەڵدەگەڕێم،**

**وەک پەڵەیەک هەوری ئەوی**

**بەسەر کێڵگە سەوزەکانا دەخولێمەوە**

**وەک شەنگایی**

**بەسەر گشت زنارەکانی**

**کەنارا دەچەمێمەوە،**

**ئاخ بەس ئەمجارە بێمەوە!**

(پەشێو، پشت لەنەوا رووڵەکرێوە، ٢٠١٤، ٣٥٧).

لێرەدا؛ (پەشێو) زۆر حەز دەکات بگەڕێتەوە زێدی باب و باپیرانی و نیشتمانەکەی، بۆ ئەو خاکە کە تیایدا ژیاوە، لە ناخی خۆی لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێت: ئەگەر ئەمجارە بێتەوە وەک چۆن سمۆرە بەسەر دارگوێز هەلدەگەڕێت عاشقییەتی ناتوانێ لێی دوور کەوێتەوە، وەک ئەو پەلە هەورە، کە حەز دەکات هەموو کات بەسەر کێڵگە سەوزەکان بخولێتەوە یان وەک شەنگەیی سەر چەما و زنارەکانی کەنارا بچەمێتەوە، ئەمیش حەز دەکات وەک سمۆرە ئەم دار و ئەو دار بکات وەک پەلە هەور بە نزمی بەسەر کێڵگەکان هاتوچۆ بکات وەک

ســـەنگەیی بچەمێتەوە لە کەنارەکان و لە چەمەکان، بەڵام ئەگەر بتوانێ بێتەوە و جارێکی تر لە نیشتمانەکەی بژی هەروەها لە هەمان شیعردا لە پارچەیەکی تر دەڵێت:

**ئەی دایە گیان!**

**لەیادمە، کەمنداڵ بووم،**

**شەیدای تامی تفت و تاڵ بووم!**

**گڵم دەخوارد،**

**قوڕم دەجوی،**

**تۆش زللەی یەکت لێ دەدام،**

**هەمووت بێ توو فڕێ دەدام.**

(پەشێو، پشت لەنەوا روو لەکڕێوە، ٢٠١٤، ٣٦٣).

(پەشــێو) لە یادی منداڵی خۆیدا بە دایکی دەڵێت لە یادمە، کە منداڵبووم گڵم دەخوارد، قوڕم دەجووی تۆش بەزلەیەک وات لێ دەکردم، کە فڕێی بدەم و قوتی نەدەم، لەبەرئەوەی منداڵ پاکە و هەموو شــتێک نازانێ، بۆیە هەموو شــتێک تاقی دەکاتەوە، ئەگەر باش بێت یان خراپ، ئەمیش بیری منداڵی دەکات و هەموو ئەو شتانە دەهێنێتەوە یادی خۆی، کە بە منداڵی ئەنجامی داوە و کردوویەتی حەز دەکات بگەڕێتەوە ســـــەردەمی منداڵی و ئەو کارانە ئەنجام بداتەوە، هەروەها دەڵێت:

**ئەی دایە گیان!**

**ئێستا گەورەم و منداڵ نیم،**

**ئەشقی تامی تفت و تاڵ نیم،**

**کەچی ئەگەر ئەمجارەشیان**

**ڕێم بکەوێتەوە بێرکۆت،**

**لێشم بدەی،**

**لێشم حەرام کەیت شیوی خۆت،**

**من بە تەشییەکەی منداڵی دەرێسمەوە،**

**دار، بەرد، گڵ، قولا...**

**چیم بێتەرێ دەیلێمەوە!**

(پەشێو، پشت لە نەوا روو لەکرێوە، ٢٠١٤، ٣٦٤).

لێرەدا، مەبەسـتی (پەشـێو) ئەوەیە هێندە بیری زێدی باب و باپیرانی دەکات، کە گەورەش بوو گەر بێتەوە نیشـتمانەکەی و دایکی لێی تورە بێت و شـیری خۆشـی لێ حەرام بکات ئەوا ئەم وەک سـەردەمی منداڵی دەکات و هەموو شـتێک ماچ دەکات و بۆنی دەکات، چونکە زۆر بیری خاک و وڵات و نیشـتمانەکەی دەکات حەز دەکات جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆی، لەبەرئەوەی شـاعیر لە دوورە وڵات دەژیت، بۆیە ئەو هەسـتانەی، کە لە ناخی دایە بە شیعر دەریدەبڕێت و وێنای دەکات، هەروەها لە شیعری (ترس) دەڵێت:

**منیش زراوم رژاوە،**

**دەترسم، لەسەرە مەرگا**

**سییەکانم بزریکێنن**

**بۆ تۆسقاڵێک هەوای وڵات،**

**دەترسم ،بمنێنە خاکێک،**

**ئەمن ئاشنای بۆنی ئەو بم،**

**نەزمانم ئەو تێی بگات!**

(پەشێو، هەسپم هەورە رکێفم چیا، ٢٠١٤، ٧٨).

پەشـێو لەم شـیعرەدا مەبەسـتی ئەوەیە، کە لە مردن ناترسـێت، بەڵکوو ترسـی ئەو لەوەیە لە خاکی عەرەبی بیشـارنەوە و بە خاکی بسـپێرن، کە بە بۆنی و زمانی یەکتر ئاشـنا نەبن، حەز دەکات لە وڵاتی خۆی لە زێدی باب و باپیرانی بیشـارنەوە لەو ئاووهەوایەی، کە زۆر دەمێکە پێی ئاشـنایە و لێرا هاتووە لەگەڵی و خۆشـی دەوێت لەو وڵاتە، کە هاتووەتە دونیا و منداڵی تێدا بەسـەر بردووە و بگەڕێتەوە ناوی بە زیندوویی یان مردوویی، هەروەها لە شیعری (دیالۆگ) دەڵێت:

**دڵتەنگ مەبە!**

**ڕۆژەک دادێ دەچیتەوە،**

**کە چویتەوەش ،**

**نیشتمانت**

**خۆی لەبن ڕا هەڵدەکەنێ،**

**ئامێزت بۆ دەکاتەوە،**

**وەک دایک بەپیرتەوە دێ!** (پەشێو، پشت لە نەوا رووڵەکرێوە، ٢٠١٤، ٤٠٠).

مەبەستی شاعیر ئەوەیە، کە دڵتەنگ نەبێت ڕۆژێک هەر دەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی بۆ ئامێزی دەگەڕێتەوە، کە وەک دایک بە پیرییەوە دێت و لە ئامێزی دەگرێت، بیری یەکتریان کردووە، کە نیشـــتمان خۆی لە بندێنێ و هەڵدەســـتێ بەرەو پیری ئەو دەچێت و لە ئامێزی دەگرێت، نۆســـتالۆژیا لە شـــیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشـــێو)دا بەشـــێوەیەکی زۆر هەســـتی پێ دەکرێت، چونکە شـــاعیر دوور لە وڵات و لە نیشـــتمانی ژیاوە حەز و ئارەزووی گەڕانەوەی وای لێ کردووە، کە شیعر بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتمان و زێدی بابوباپیرانی بنووسێت.

**٢-٣-٣: براکوژیی:**

پەشێو یەکێک بوو لەو شاعیرانەی، کە شیعری بۆ براکوژیی نووسیوە، هەموو ئەو شتانەی لە دڵ و دەروونیدا ئاگری تێبەر دەدات و دەیسووتێنێ خستوویەتییە سەر کاغەز و گیانی بە بەردا کردووە بۆئەوەی بە هەموو خەڵکی بڵێت، کە ناکرێت لەناو خۆماندا خۆخۆربین و یەکتری بکوژین، بەڵکو دەبێت دەست لەناو دەست دژی بێگانە و داگیرکەر بووەستین، بەڵام ئەمە نەکرا، چونکە وەک قارچکی ژەهراوی دەمار بە دەمار ڕۆشت و تا سەراپای گرتەوە، بۆیە بەشیک لە شیعرەکانی دژی شەڕی براکوژیی بوو، لە شیعرێکدا لە **دیوانی براکوژییدا دەڵێت:**

**شەکرە شارە خامۆشەکەم،**

**چۆپیکێشە ڕەشپۆشەکەم ،**

**داگیرکراوە ئازادەکەم،**

**دایکەکەم جگەرگۆشەکەم،**

**وریابە ئەوەی دەتدەنێ ،**

**ژەهراوە....ژەهراوە....ژەهراوە.**

(پەشێو، هەسپم هەورە رکێفم چیا، ٤٥٤ ،٢٠١٤).

پەشـــێو لێرەدا باســـی ئەوە دەکات شـــارەکەی، کە وەک شـــەکر وایە و لە شـــایدا سەرچۆپیکێشە خامۆش دەکرێت و ڕەشی پۆشیوە و داگیرکراوە، بەڵام پێیان وایە کە ئازادە، وەک دایکی یان وەک جگەرگۆشـــەکەی و ڕۆڵەکەی ئامۆژگاری دەکات، کە ئەوەی دەیدەنێ نەیخوات، چونکە ژەهراوە و توشـــی نائومێدی دەکات گرینگ نییە چییە و چۆنە، بەڵام بەرەو هەڵدێری دەبات و لەناوی دەبات، هەروەها لە پارچە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**دووتەرم کەوتوون، تەرمی دوو برا.**

**مەودای نێوانیان هاڵاوی جەرگی دایک و بابە**

**گەورەکانیشیان وا بسکەیان دێ،**

**مەودای نێوانیان**

**مێزی دوژمن و پیاڵەی شەرابە!**

(پەشێو، هەسپم هەورە ڕکێفم چیا، ٢٠١٤، ٤٥٩).

پەشێو لێرەدا؛ باسی ئەوە دەکات، کە دووبرا یەکتریان کوشتییە و مردوون، ئەوا تەنیا دایک و باوکیان جەرگســـووتا و ماڵ وێران دەبن، ئەوانەی کە شـــەڕیان لەپێناو کردوون و خۆیان لەســەر بە کوشـتدا، ئەوا پێدەکەنن و دەنگی پیاڵەکانیان دێت، کە شـەڕابی تێدایەوە بۆ خۆشـــی خۆیان دیخۆنەوە، کەچی لەولاوە چەندان خێزان هەڵوەشـــایەوە و چەندان منداڵ بێ باوک بوو و ئافرەتماڵیان تێکچوو، لە پارچە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**تێناگەم ! گەرتفەنگێک**

**هەزار گولەی تێدابێ،**

**بەدەست کوردێکەوەبێ و**

**ڕووی لە کوردێک کرابێ،**

**چۆن دڵی دێ بیپێکێ،**

**با ئاگریش درابێ!**

(پەشێو، هەسپم هەورە ڕکێفم چیا، ٤٦٣،٢٠١٤).

شاعیر لێرەدا؛ مەبەستی ئەوەیە، کە چۆن دەکرێت ڕووی ئەو تفەنگەی لە هاوزمان و هاونیشتمانی خۆی بکات، چۆن دڵی دێت ئەو کارە بەرانبەر بە برایەکی خۆی بکات یان دوو کورد ڕووی تفەنگەکەیان لە یەکتر بێت، ئەوە نابێت ئەگەر چی لە ناخیاندا هاندرابێتن و ئاگریان لە دەروونیان کردبێتەوە، ئەوە هەر نابێت ئەم کارە بەرانبەر یەکتری ئەنجام بدەن، کە کردیشیان ئەوا من هیچ لەم کارە تێناگەم و نازانم باسی چی بکەم و چۆن بیخەمە ڕوو.

## ٢-٣-٤: وەستانەوە دژی زوڵم و ستەم:

نەتەوەی کورد لەوەتەی هەیە لەناو زوڵم و ستەم و ناڕەحەتیدا دەژیت، بەهۆی ئەوەی چەندین وڵات شەڕیان لەسەر دەکرد و هەر کات دەکەتە ژێردەستی هەر کامیان، ئەوا زۆر بێبەزەییانە نەتەوەکەیان دەچەوساندەوە و زوڵمیان بەرانبەر دەکرد، هەر بەم هۆیەوە زۆرێک لە شاعیران دەستیان دایە خامەکەیان و شیعریان دژی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە دەنووسی، ئەمە وەک شۆڕشێک بووە بەرانبەر داگیرکەران و هۆشیاریبوو بۆ میللەت، کە دژی زوڵم و ستەم بووەستن و نەهێڵنماڵیان بخورێت، (پەشێو)یش یەکێک بوو لەو شاعیرانەی، کە شیعری بۆ بەرگری نیشتمان و وەستانەوە دژی زوڵم و ستەم نووسیوە، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خاک و وڵات و نیشتمان شیعری نووسیوە، بۆیە لە شیعری (دەنگێک لە کوردستان)دا دەڵێت:

**چەند حەز دەکەم**

**منی کوردیش**

**ئادەمیزادێکی سەربەست بم،**

**بەچەلین و کەوشی کوردی**

**لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛**

**هێرش بەرم**

**بۆسەر ئەو بووکە شوشانەی،**

**بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی**

**گۆشتی منداڵی ساوا دەخۆن**

**مزگەوتتەکان،**

**کڵێسەکان....**

**بەخوێن دەشۆن.**

(پەشێو، پشت لەنەوا و ڕوو لە کرێوە، ٢٠١٤، ١٧٦).

پەشـــێو لێرەدا؛ مەبەســـتی ئەوەیە، کە ئەمیش وەک هەر نەتەوەیەک شـــانازی بە نەتەوەکەی خۆی دەکات، ئەویش وەک کوردێک شانازی بە نەتەوەکەی کولتوور و جلوبەرگی خۆی دەکات، بۆیە وابیر دەکاتەوە بتوانێت جلوبەرگی کوردی و کەوشـــی کوردی بە ئازادی بێت بچێت دژی ئەو کەســانە بووەســتێت، کە زوڵم و ســتەم دەکەن خوێنی خەڵک بە ناحەق دەرێژن، کە باکیان نییە بە ئایین و شوێنەپیرۆزەکان هەر کوێیەک بێت تەنیا خوێن دەرێژن و زوڵم لە خەڵکی دەکەن دەیان چەوسێننەوە، ئەمیش دژی ئەم زوڵم و ستەمەیە و بەرگری لە نەتەوەکەیی و نیشتمانەکەی دەکات. هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (سەرکەون)دا دەڵێت:

**سەردەکەوین!**

**چونکە دوێنێ**

**تۆپە قورێکی دەست کردم**

**دایە دەست منداڵێکی کورد،**

**ئەو لەباتی بووکە شوشە،**

**تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ درووست کردا!**

(پەشێو، پشت لەنەوا و ڕوو لە کرێوە، ٢٠١٤، ٢٦٩).

پەشێو لێرەدا؛ مەبەستی ئەوەیە، کە لە داهاتوودا سەرکەوتن بەدەست دێنن، چاوەڕێی ئەوەیە لە داهاتوودا خاکی خۆیان لە بێگانە و داگیرکەران پاک دەکەنەوە و ناهێڵن چیتر زوڵم و ستەم بەرانبەر بە خەڵکەکەی ئەنجام بدات، بەوەی منداڵەکان لە ئێستاوە هەوڵی سەرکەوتن دەدەن، کە بەو تۆپەقوڕەی دەسـتی چەکی دروسـت کردووە بۆ بەرگری لە نیشـتمانەکەیی و ڕزگاربوون لە زوڵم و ســـتەمی داگیرکەران، لەبری ئەوەی یاری پێ بکات شـــتی جوانی لێ دروســت بکات چێژ لە منداڵیی خۆی وەربگرێت. هەروەها لە شـــیعریکێ تردا، کە بۆ منداڵانی نووسیوە "دوانزە وانە بۆ منداڵان" لە وانەی نۆیەمدا دەڵێت:

**مناڵەکان،**

**ئەوەی دەنکە گەنمێکی چاند،**

**گوڵە گەنمێکی دروێنە کرد.**

**ئەوەی دڵۆپێک خوێنی چاند،**

**تابلۆیەکی بۆخۆی نەخشاند.**

**ئەوەی تەنیا هاورێکی لەدەم دەرچوو،**

**گوێی لە سەدای دەنگی خۆی بوو.**

**کەچی ئێمە**

**کاسە سەر و چاو دەچێنین،**

**بارانی خوێن بەسەریانا دەبارێنین،**

**هێستا وەرزی دروێنەمان دیار نییە.**

**تا گوڵە گەنمێکی کێڵگەی**

**ئەو خوێنەشمان دیار نییە.**

(پەشێو، پشت لەنەوا و ڕوو لەکرێوە، ٢٠١٤، ٢٥٢ -٢٥٣).

مەبەستی شاعیر لەم پارچە شیعرەدا ئەوەیە، کە هەر نەتەوەیەک هەوڵی بۆ ئازادی دابێت دژی زوڵم و ستەم وەستا بێتەوە، جا بەهەر جۆرێک بێت بە خوێنڕشتن بێت یان بە هاوارکردن ئەوا توانیویانە ئازادی بەدەست بێنن و ڕزگاریان بێت لە زوڵم و ستەم و زۆرداری، بەڵام ئێمەی کورد چەندان کەللە سەر و چاومان لەم ڕێگەیەدانا، خوێنی چەندان لاومان ڕشتە ناو ئەم خاکە، کە چەندان هەوڵ و تێکۆشانماندا لەپێناو ئازادی و وەستانەوە دژی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە، ئەوا هەر چاوەڕێی موژدەی ئەم سەرکەوتنەین، بەڵام نەگەشتووە و هەر چاوەڕێین. لە تەواوی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

**منداڵەکان،**

**با ئەو جۆگەیە بگۆرین**

**کە خوێنمانی پێدادا دەڕوات،**

**با ئەو زەمینەش بگۆرین کە چاو کاسەی سەر دەخوات**

**ئەو جا کێڵگە ڕووناکیتان نیشان دەدەم.**

**ئەو جا وەرزی درویْنەتان بۆ ڕست دەکەم.**

(پەشێو، پشت لەنەوا و ڕوو لەکرِیوە، ٢٠١٤، ٢٥٣).

لێرەدا شـاعیر دەڵێت: ئێمە هەموو ئەوانەمان بەسـەر دێت لەبەرئەوەیە ئێمە ئەو زوڵم و ستەمەمان قەبووڵە و بەرەنگاری نابینەوە. ئەو هانمان دەدات، کە بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لەو زوڵم و سـتەمەی لێمان دەکرێت، لەوە زیاتر قەبووڵی نەکەین بەرەنگاری ببینەوە لەوە زیاتر با لە خۆڕا خوێنمان نەڕێژن و زیندەبەچاڵمان نەکەن لەناو نیشـتمانی خۆمان، کەواتە دەبێت تێبکۆشـین بۆ سـەربەخۆیی ڕزگاربوون لەم زوڵم و سـتەمە ئەو کات کێڵگەکانمان ڕووناکیمان نیشـان دەدەن و لە وەرزی درویْنەدا کاتە ڕاسـتەکە بێت تا بتوانین بەرهەمێکی باشمان دەست بکەوێت. هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (خەنجەر)دا دەڵێت:

**من خەنجەرێکی ڕووتم،**

**نیشتمانی من و زام ـ کالانێکی دزراوە،**

**کەس نەڵێ بەخوێن تینووم،**

**یەخەی کالاندزبگرن،**

**ئەو منی هەڵکێشاوە!**

(پەشێو، پشت لەنەوا و ڕوو لە کرِێوە، ١٨١ ،٢٠١٤).

پەشـێو لەم شـیعرەدا؛ باسـی ئەوە دەکات، کە ئەو وەک خەنجەر وایە بەرانبەر دوژمنانی دژی ئەو کەسـانە دەوەسـتێت، کە زوڵم و سـتەم بەرانبەر بە وڵات و نیشـتمانەکەی دەکەن، کە ئەوان نیشتمانەکەی ئەویان وەک کاڵایەک لێ کردووە و دزیویانە، بۆیە پێی مەڵێن تینوی خوێنە و دەیەوێت خوێن بڕێژێت، ئەو بۆ ئازادی نەتەوەکەی لەژێردەسـتی کاڵادزەکان وەسـتاوە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بۆ نیشـتمانێکی سـەربەسـت و وڵاتێکی سـەربەخۆ، هەر بۆیە ئەوە ئەوانن وای لێ دەکەن، کە وەک خەنجەرێک بێت بۆ نیشـتمانەکەی. نەڵێت زوڵم و سـتەم لە نەتەوەکەی بکات و نەیان چەوسـێنێتەوە کەوایان لێ کردووە خەنجەرەکەی هەڵکێشێت.

## ئەنجام:

لەئەنجامی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ڕاستیەک، کە بەکورتی بەو شێوەیەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

١_ زاراوەی نیشتمانپەروەری زۆر وشەی تری لە بەرانبەر بەکاردێت بە زۆر شێوەی جیا دە نووسرێت و دەخوێنرێتەوە، لە هەر زمانێکدا وشەی جیای بۆ بەکاردێت، بەڵام هەموویان بەیەک واتا دێت واتا یەک واتا دەدەن بەدەستەوە، لە کۆنەوە تاکو ئێستا زاراوەی نیشتمانپەروەری لەڕووی ئەدەبی چەندان دەستەواژەی تریشی بۆ بەکار دێت، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ شتێک نەبووە بۆ جیا کردنەوەی ئەم زاراوانە یان هیچ هەوڵێک نەدراوە.

٢_ چەمک و پێناسەی نیشتمانپەروەری لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا زۆر گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە، لە کۆندا چەمک و پێناسەی نیشتمانپەروەریان دەبەستەوە بە زێدی باب و باپیران شاناوی کردن بە میر و میرنیشینەکان و هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕیوە، بەڵام لە ئێستادا زیاتر خۆی لە پێویستیەکانی ژیان و ماف و ئازادییەکانی تاک وەک هاوڵاتییەک فەراهەم دەکات.

٣_ نیشتمانپەروەری لە شیعرەکانی زۆربەی شاعیرەکانی کۆن و نوێدا رەنگی داوەتەوە، کە هەریەکەیان بە شێوازێکی جیا خۆشەویستی خۆی بۆ خاک و وڵاتی دەردەبڕێت و باسی دەکات، هەموویان بۆ ئازادی و سەربەستی نیشتمان و وەستانەوە دژی زوڵم و ستەم و بەرگریکردن لە خاک شیعریان نووسیوە، هەیانە بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان نوویسویەتی.

٤_ (پەشێو) هەر لەوکاتەی لەدایک بوو لە ناو ناخۆشی و دەردەسەری زۆردا گەورە بووە، ژیانێکی پڕ لە مەینەتی و نەهامەتی بردەسەر، دوور لە وڵات و خاک و نیشتمانی و دوور لە خانەوادەی ژیاوە، بۆیە شیعرەکانی گەڕانەوەیە بۆ باوەشی نیشتمان و زێدی باب و باپیرانی.

٥_ شیعرەکانی (پەشێو)خۆی لە دڵداری و نەتەوایەتیدا دەبینێتەوە هەموو شیعرەکانی خۆیان لەم دوو مەبەستەدا دەبینێتەوە، لەڕووی روخساریش شیعرەکانی زۆر سادە و ڕەوان و بە ئاسانی لێی تێدەگەیت. هەروەها هیچ کات نیشتیمانی خۆی لەبیرنەکردووە، بۆیە بەشێک لە شیعرەکانی بۆ نیشتمانپەروەری و کوردایەتی نووسیوە.

٦_ (پەشێو) لە ئەزموونی شیعریدا زۆر کێشەی هاتۆتە پێش زۆر نەهامەتی و دەردەسەری دیوە، ڕێگری زۆری هەبووە، بەڵام هیچ کات ئەم ڕێگایەی بەرنەداوە و بەردەوام بووە لە شیعر نووسین، هیچ شتێک کاری تێنەکردوە و دووری نەخستۆتەوە تەنانەت زیاتر هانیداوە بۆ ئەوەی شیعر بنووسێت و بەردەوام بێت.

**سەرچاوەکان:**


١. بەدران أحمد حەبیب، فەرهەنگی زاراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢. محمد علی عبدالله، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە یەک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٣. زیاد علی عالّلایی، عبدالله پەشێو شاعیرێک لە رەگەزی سەربزێوی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٤. سۆران مامەند عبدالله، نۆستالۆژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، هەولێر، ٢٠١٦.

٥. شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٦. شێخ نوری شێخ ساڵح (دیوان)، ئازاد عبدالواحید کۆیکردوەتەوە و ساغی کردووەتەوە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧. شەرمین أبراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.

٨. عبدالله پەشێو، دیوان (پشت لە نەوا و ڕووله کرێوە)، چاپی چوارەم، چاپخانەی رۆژهەلات، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٤.

٩. عبدالله پەشێو، دیوان (هەسپم هەورە ڕکێفم چیا)، چاپی چوارەم، چاپخانەی رۆژهەلات، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٤.

١٠. عەبدال نوری عەبداڵ، ناسیۆنالیزم و بەعەرب کردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، هەولێر، ٢٠٠٦.

١١. گۆران، (دیوان)، محمد مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

١٢. نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدریس و فاتح عبدالکریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

١٣. لەتیف هەڵمەت، دیوانی منداڵان و شیعرو چیرۆک بۆ منداڵان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیر و کۆمەڵەی کەرکوک، ٢٠٠٥.

١٤. هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروشت (انشارات هداوسیما)، تهران، ١٣٦٩.

١٥. هێمن(دیوان)، هێمن موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٦. یادگار رەسول حەمەدەمین بالەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی (١٨٩٨-١٩٣٢)، چاپا ئێکێ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.